# دوو " ڕۆژی عیشق"! *

ئەو کات هێشتا
پەلکە زێڕینە بێ ڕەنگ بوو.

ئەو کات هێشتا
هێلانەی دڵ
چۆڵ بوو.
جەستەی ماندووی،
بێ جووڵەو،
دڵی بێ عیشقی،
بێ نازی،
سست بووی،
ماتم
لەگەڵ پیری تەمەنیاندا
خۆیان تێکەڵ کردبوو.

ئا، ئەو کاتانەم بیر ناچێ،
ئەموویست ببمە بەربەستی با
تا پەڕەی گوڵ نەڕاکێنێ!
دەریاوانێکی بێ سەوڵ بووم و
نەشم ئەوویست دەریای شێت
بمخاتە ژێر تووڕەیی شەپۆلەکانی و
بموەستێنێ،
تا بتوانم یاقوتی جوان
بۆ خۆشم و
بۆ عاشقەکەم، بهێنم.

ئەو کات هێشتا
بۆنم بە گوڵی هەموو باخچەکانەوە ئەکرد
تا شاگوڵەکەی خۆم بدۆزمەوە.

**ئەو کات هێشتا**

**لە گزنگی بەیانیان‌و**

**لە ئاسۆی ئێواران‌و**

**لە سیمای هەموو جوانان‌و**

**لە چاوی هەنگوینیی هەموو نازدارەکانا**

**بۆ ئاونگی عیشقی تۆ**

**بۆ ڕوخساری خۆر ئاسای تۆ**

**بۆ عیشوەو نازی ناسکانەی تۆ**

**بۆ تۆ**

**بۆ خۆت، ئەگەڕام**

**کەچی، تەنها خۆمم ئەدی!**

**ئەو کات هێشتا**

**لەگەڵ ناردنی پارچە گوڵی سوورا**

**ئەمتوانی تەنها ووشە**

**هەر ووشەو بەس**

**بۆ تۆی، عاشقی لە خۆم چوو بنێرم!**

**ئەمتوانی تەنها**

**هاوڕێیەك بم کە تینوێتی**

**تەنیاییت کەمێك بشکێنم‌و**

**کەمێك بیشکێنی تینوێتیم!**

**کەسێك بووم،**

**ئەتتوانی تەنها**

**وەك هاوڕێیەك**

**لەگەڵ پەڕەی گوڵەکەما**

**خۆت‌و**

**گوڵەکەت‌و**

**حەزی نێو پەڕەکانی‌و**

**سستی سەر مێزەکەی ئەو کاتت**

**بەراورد بکەی!**

**کەچی**

**من‌و**

**هەر خۆمت ئەبینی!**

**ئەو کات هێشتا**

**لە بینایی یەك‌و**

**لە حەزی یەك‌و**

**لە جوانی یەك‌و**

**لە چاوی یەکا**

**بۆ یەك ئەگەڕاین!**

**ڕۆژێکی عیشقی سەیر بوو!**

***

**ساڵێکی ترە،**

**کاتێکی ترە،**

**خۆر ڕەنگێکی تر،**

**جوانی جوانی‌یەکی تر،**

**تام تامێکی ترو**

**حەز حەزێکی ترو**

**گوڵ گوڵێکی ترو**

**ڕەنگ ڕەنگێکی ترو**

**پەلکە زێڕینەش ڕوخسارێکی ترە!**

**چوار وەرزەی ساڵ بەهارە، بەهار**

**خۆر، ڕەنگی گەش گەشە،**

**بزەی خۆشی گرتووەو**

**تیشك بارانمان ئەکا!**

**ئێستا لێزمەی عیشق**

**بەسەر یەکا ئەبارێنین!**

**ئێستا هەردووکمان**

**بووینەتە پەلکە زێڕینەو**

**یەك پارچە**

**ڕەنگی سورو**

**وەنەوشەیی و**

**سەوزو زەردو**

**پەمەیی و....هەر هەموو ڕەنگێك ئەنوێنین!**

ئێستا هەردووکمان،
ئەی چی هەردووکمان،
بۆ یەك سات،
تەنها یەك سات
ئەگەڕێین،
تا حەزو
دڵو
جوڵەو
هەستو نەستو
هەرچی هەمانە،
یەکی خەین!
دوو ڕۆژی عیشقی سەیرە!

ئەو کات یەکمان نەدیبۆوەو
عاشقی یەك بووین!
ئێستاش عاشقی یەکین،
کەچی لای یەك نین!

ئەو کات گوڵمان نە ئەدا لە یەخەی کەس،
ئێستاش هەروا، نایدەین لە یەخەی کەس.

ئەو کات لەیەك دوور بووین،
ئێستاش هەروا دوورین!

ئەو کات ڕۆژێکی عیشقی خۆش بوو،
بەڵام ناخۆش بوو!

ئێستا ڕۆژێکی عیشقی خۆشە
بەڵام ناخۆشە!
دوو ڕۆژی عیشقی سەیرە، گوڵم!
دوو ڕۆژی عیشقی جیایە گوڵم!

ئەویان پەیامێکی نادیار،

ئەمیان ئاسۆیەکی پرشنگدار!

ئەویان ڕۆژانێکی سەختی تەنیایی
ئەمیان تەنها دووری.
ڕۆژانێك بوون، تێپەڕین،
ڕۆژانێکن تێ ئەپەڕن!

ئەویان گوڵی بێ ڕەنگ
یان گوڵی سپی، تەنها سپی
یان ڕەش، تەنها ڕەش ئەباری،
ئەمیان گوڵدانی ڕەنگو عیشق.

***شاد کامەران***
2004/02/17

shadkameran@yahoo.com

* مەبەست لە ڕۆژی خۆشەویستی‌یە لە جیهاندا (واتە ڤالەنتاین).